مەسرور بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد

ئەمڕۆ دووشەممە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە عەلی ئیزا گونەی، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاگەیەندراوەکدا باوکردەوە" لە دیدارەکەدا، گفتوگۆکانی بارودۆخی گشتیی عێراق و پێرەپێدانی پێیوەندیی دوولایەنە تاوتوێ کران و جەخت لە بڕوودان بە پێیوەندییەکان لە بواری ئابووری بازرگانی و ئاسانکاریکردن بە هاتووچۆ و گەشتکردن لە نێوان هەردوولادا کرا. تەوەرێکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نێوتی هەرێمی کوردستان، هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نێوت لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیا لە زووترین کاتدا. لەمبارەیەوە باڵیۆزی تورکیا ئامادەیی تەواوی وڵاتەکەی بە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی هێناردەکردن دەربڕی.